راوێژکاری دارایی سودانی: موچەی موچەخۆران گەرەنتیکراوەو هیچ نیگەرانییەك لەوبارەیەوە نییە



مەزهەر محەمەد ساڵح، راوێژکاری دارایی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق جەخت دەکاتەوە لەوەی کە موچەی موچەخۆران گەرەنتیکراوەو هیچ نیگەرانییەك لەوبارەیەوە نییە. دەشڵێت، جوڵەیەك هەیە بۆ بونیادنانی قۆناغێکی نوێ لە ئیدارەدانی سیاسەتی دارایی.

مەزهەر محەمەد ساڵح، راوێژکاری دارایی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمە چوارشەممە، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی فەرمی عێراق کۆموتێع بۆدواداچوونی بۆ کردووە وتی، هیچ نیگەرانییەك لە پەیوەست بە گەرەنتیکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشیان و چاودێری کەمەڵایەتییەوە بونی نییە، چونکە هاتنی نەختینەی دراوی بیانی بەردەوامە.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، بڕیارێکی ئەم دواییانەی ئەنجومەنی وەزیران، قۆناغێکی نوێ بۆ ئیدارەدانی سیاسەتی دارایی بونیاد دەنێت کە لەسەر بنەمای رەوتی پاڵپشتی دارایییە بۆ ئامانجی کەمکردنەوەی پۆ بەپێی کورتهێنانی دارایی لەماوەیەکی نزیکداو بەتایبەت لە بودجەی 2026دا.